

# Karl Marx

# مارکس
# له ململانێی مێژوودا

ئەڤین عەبدولڕەحمان

## پێشەکی

یەکێک لەو فەیلەسووفە هەرە بەناوبانگانەی کە توانیویەتی کاریگەریی ڕاستەوخۆی بە سەر ژیان و گوزەران و بیرکردنەوەی خەڵکی هەبێت، لە پێناوی مسۆگەرکردنی ژیانێکی دوور لە هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەك، ئەوا فەیلەسووفی سەدەی نۆزدە کارل مارکسە، کە تاکە فەیلەسووفە لە سەردەمی ژیانی خۆیدا، بە دەیان هەزار کەس لە کرێکاران و بەشمەینەتەکانی خۆرئاوا، بە تایبەت ئەورووپا، بە دوای فەلسەفەکەی کەوتبوون و، ڕاپەڕینی بەردەوامیان ئەنجام دەدا، لە پێناوی ڕووخاندنی ستەم و سیستەمی سەرمایەداری و هێنانەسەرکاری سیستەمێکی سۆسیالیستی کە مرۆڤ لە سایەیدا، نەچەوسێنرێتەوە.

ڕاستە فەلسەفەی مارکس وەکوو پێویست نەیتوانی سەرکەوتن وەدەست بهێنێت، بەڵام ڕێگایەکی زۆر گرینگی بۆ ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کردووە، کە بەرانبەر هەموو ستەم و چەوساندنەوەیەك، گیانی بەرەنگاری نیشان بدرێت و، سیستەمی سەرمایەداریش ئەو سیستەمەیە کە بەردەوام قەیرانی قووڵ لە ناوخۆیدا دروست دەکات و ناتوانێت لە ژێر چەتری چەوساندنەوەی مرۆڤەکاندا بەردەوامی بە خۆی بدات.

تێڕوانینەکانی مارکس، گرینگییان لەوەدا بوو، هەر بە تەنیا گۆشەیەك بۆ ئازادیی مرۆڤی دەستنیشان نەکردوە، بەڵکوو هەموو ئەو بوارانەی کە مرۆڤ پێویستی پێیان هەیە تا ئازاد بژی، لێکۆڵینەوەی وردی لێی کردوە، بۆیە مارکس بەر لەوەی لە بواری کۆمەڵناسییەوە فەیلەسووف بێت، لە بواری ئابوورییشەوە بەهێزترین تیز و نووسینی هەیە، هەروەها لە بوارەکانی تری وەکوو مێژوو، فەلسەفە، دیالەکتیك، ماتریالیزمی مێژوویی، نامۆ بوون، ململانێی چینایەتی، دەوڵەت، شۆڕش... هتد. هەر لەبەر ئەوەیشە مارکس تاکە فەیلەسووفە لە سەردەمی خۆیدا، واتا تا ئەو کاتەی لە ژیاندا مابوو، ڕووبەڕووی زۆرترین ڕەخنە بووەتەوە و مارکسیش لە بەرانبەر زۆربەی هەرە زۆری هزرڤان و گەورە نووسەرەکانی ئەو سەردەم بووەتەوە، هەر لە شارل فۆرییە، پرۆدۆن، سان سیمۆن، باکونین، ڕۆبەرت ئۆین، شارلس هال، لویس بلانك، ...... چەندانی تر. ئەمەیش سەرچاوەکەی لەوەوە گرتبوو، مارکس ڕەخنەی لە هەموو فەلسەفەکانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی گرت، بە بڕوای ئەو هیچ کام لەو فەلسەفە و لەو فەیلەسووفانە نەیانتوانیوە، باس لە گۆڕینی کۆمەڵگا بکەن، بەڵکوو زیاتر وەسفیان کردوە، هەر لەبەر ئەوەیش بوو مارکس سۆسیالیزمی زانستی داهێنا، بۆ ئەوەی لە سۆسیالیزمی تۆباوی بە تەواوی جیای بکاتەوە. جیاکردنەوەی سۆسیالیزمی زانستی لە سۆسیالیزمی تۆباوی نیشانەیەکی زەقە بۆ مارکس کە بڵێین مارکس لە پراکتیکی کۆمەڵایەتیدا واقیعبینترین فەیلەسووف و شۆڕشگێڕترینیشیان بوە. هیچ فەیلەسووفێکیش بە قەد مارکس نەیتوانیوە بەرگرییەکی شۆڕشگێڕانە لە فەلسەفەکەی خۆی بکات و، تا ئێستایش هیچ فەیلەسووفێك نەیتوانیوە بە قەد مارکس فەیلەسووفانی دوای خۆی شوێن پێی هەڵبگرن. بە تایبەت لە سەدەی بیستەمدا، ئەو فەیلەسووفانەی پۆست مۆدێرنەیشیان داهێنا و بەرەنگاری مۆدێرنە بوونەوە، کەچی لەو لایشەوە سەرسامیی خۆیان بۆ مارکس نیشان داوە، لە سەرووی هەموویانەوە میشێل فۆکۆ.

لەم ڕوانگەی سەرەوە، پێویست دەکات، خوێنەری کورد بە شێوەیەکی هاوسەردەمییانە و بە تێڕوانینێکی فیکریی قووڵەوە، لە مارکس و فەلسەفەکەی ورد ببێتەوە، چونکە لە بنەمادا فەلسەفەی مارکس، فەلسەفەیەکە بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوە، کە کۆمەڵگای کوردی بە درێژایی مێژوو دەچەوسێنرێتەوە.

پێویستە لە ئابووریی سیاسییەکەی تێ بگەین، تا ئەو ناکۆکییە قووڵانە بناسینەوە کە لە سیستەمی سەرمایەداریدا هەیە، پێویستە خوێندنەوەیەکی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە بکەین، تا تێ بگەین ئاراستەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان کە خۆیان لە ململانێی چینایەتیدا دەبیننەوە، چۆن و بە کام شێواز دەربڕدرێن، ئەی ماتریالیزم گرینگییەکەی لە چیدایە، ئەمانە و دەیان پرسیاری تری جیدی لە خوێندنەوەمان بۆ مارکس دروست دەبێت و، دەمانخاتە ناو جیهانێك، کە تێگەیشتنێکی قووڵترمان بۆ کێشە و گرفتەکانی ئەمڕۆمان هەبێت. بۆیە زۆر جار ئەو وتەیە بە گشتی دووبارە دەبێتەوە، کە هەتا تێگەیشتنێکی وردمان بۆ مارکس و فەلسەفەی مارکسیزم نەبێت، ناتوانین بە شێوەیەکی قووڵ لە گرفتەکان ورد ببینەوە و چارەسەرێکی بابەتیانەیان بۆ بکەین، چونکە یاسای نەفی نەفی و یاسای پێگەیشتنی بارودۆخی زاتی و بابەتی و چەندین یاسای تر کە مارکس بۆمانی جێ هێشتوە، شایانی لێ وردبوونەوەیە. لە سەرووی هەموو ئەمانەیشەوە هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە، بە بێ بوونی ئەو هۆشیارییە، مرۆڤ ئامرازەکانی ئازادی بۆ نادۆزرێتەوە و هەر بە ژێر دەستەیی دەمێنێتەوە.

## ژیانی مارکس

کارل مارکس کاتژمێر دووی نیوەشەوی ڕۆژی 5ی ئایاری1818 لە ژوورێکی نهۆمی دووەمی خانووی ژمارە 664 لە کۆڵانی برۆکن گاسە لە شاری تریێف (تریری ئێستاTRIER) کە کۆنترین شارە کە ڕۆمە دێرینەکان دروستیان کردوە، کە کەوتوەتە ڕۆژئاوای ئەڵمانیا و لە یەکێك لە ویلەیەتەکانی ڕاینلاند RHINELAND کە سەر بە پروسیا بوو لە دایك بوە. دایك و باوکی مارکس (8)منداڵیان هەبوە، مارکس کوڕی دووەمیان بوە[1].

دایك و باوکی مارکس و بنەماڵەکەیشی، هەموویان سەر بە ئایینی جوولەکە بوون، بەڵام ساڵێك بەر لەدایکبوونی مارکس دایك و باوکی مارکس دێنە سەر ئایینی پرۆتستانتی مەسیحی و، واز لە جوولەکایەتیبوونی خۆیان دەهێنن و دەبن بە مەسیحی.

مارکس هەر لە منداڵییەوە نیشانەی زیرەکیی پێوە دیار بوە، بە تایبەتی لە بواری ماتماتیك و چوونە ناو لێکدانەوەی ئایین و مێژوو، بۆیە لە ساڵی 1835 کە دەچێتە زانکۆی بۆن، زانکۆی بۆن بۆ مارکس لاپەڕەیەکی نوێ بوو لە ژیانیدا کە تێکەڵ بە چەندین پرسی فەلسەفی وەك یاسای ڕۆمی، یاسای ئەڵمانی، مێژوو، ئایینی پرۆتستانت و ئایینی کاسۆلیکی، یاسای نێودەوڵەتی، یاسای تاوان، فەلسەفەی یاسا[2]، ئابووری، سیاسەت، مێژوو... هتد. ساڵی 1836 دەگوازرێتەوە بۆ زانکۆی بەرلین، لەوێ لەگەڵ فەلسەفەی هیگڵ ئاشنا دەبێت و بە وردی دەست بە خوێندنەوەی هیگڵ دەکات، هەر لەوێ وانەی ماف و فەلسەفە و مێژوو دەخوێنێت و ساڵی 1839 ئاشنایەتی و ناسینی لەگەڵ ئەدۆلف ڕیتنبرج A Rutenberg ی ڕۆژنامەنووس دەکات کە لە هیگڵییە ڕادیکاڵەکان بوو، ئەدۆلف بە هۆی بیروباوەڕەکانییەوە ماوەیەك بوو خرابوە گرتووخانەوە، مارکسیش ساڵی 1842 چوە ڕیزی (هیگڵییە لاوەکان)ەوە و پێوەندیشی بە ڕۆژنامەی (دای ڕاینیخ زایتونغ) کرد، کە ڕۆژنامەیەکی لیبراڵ بوو، سەرەتا وەك نووسەرێك کاری تێدا کرد، بەڵام دواتر بوو بە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە .

لە کۆتاییی ساڵی 1839 و سەرەتای ساڵی 1840 دەستی بە نووسینی نامەی دکتۆراکەی کرد، کە بابەتی تێزی دکتۆراکەی لە ژێر ناوی (فەلسەفەی یۆنانی)دا بوو، کە تا ئەو کاتیش هێشتا لە ئەورووپا فەلسەفەی یۆنانی زۆری لە بارەیەوە نەنووسرابوو. ناوی تێزی دکتۆراکەی بریتی بوو لە (جیاوازیی نێوان فەلسەفەی سروشتی دیموکریت و ئەپیکۆر )

لە حوزەیرانی 1843 ژیانی هاوسەرگیری پێك دەهێنێت، بەڵام


karl marx

ئیتر ژیان بۆ کارل مارکس لە ئەڵمانیا سەخت دەبێت، بۆیە لە کۆتاییی هەمان ساڵ ئەڵمانیا جێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە پاریس. لە ماوەی هاتوچۆ و کۆچی بەردەوامی لە نێوان بەلجیکا و پاریس، چاوی بە جۆزێف بڕۆدۆن و فریدریك ئەنگلس دەکەوێت و ئاشنایەتییان لە نێواندا دروست دەبێت. ئیتر لەم کاتەوە مارکس بە وردی دەکەوێتە ژێر چاودێریی پۆلیسی ئەڵمانیاوە و ناچار بە کۆچ دەبێت لە بەلجیکاوە بۆ پاریس و لەوێشەوە بۆ لەندەن. لەم ماوەیەش چەندین کتێبی زیندووی پڕ بەهای نووسی، بەرلەوەی بە ئەنگلس ئاشنا ببێت و ببن بە دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی، پێشتر مارکس چەند کتێبێکی بڵاو کردبووەوە، لە سەرووی هەموویانەوە کتێبی (پرسی جوولەکە )بووکە لە ساڵی 1843 بڵاوی کردەوە، هەر نزیکەی ساڵێك دواتر لە میانی ئاشنابوونی بە فریدریك ئەنگلس چەند نامەیەکی لەگەڵ ئەنگلس گۆڕییەوە و دواتر بە ناوی (نامە دەستنووسەکانی مارکس) ناوی ڕۆیشت، کە لەگەڵ ئەنگلس گۆڕیبوویەوە و، ئیتر دەگاتە کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی کە ساڵی 1848 بە چاپی گەیاند، هەر لەو ساڵەیشدا بەناوبانگترین و مەزنترین کتێبی خۆی بە هاوکاریی ئەنگلس بە ناوی (مانیفێستی کۆمۆنیستی) بڵاو کردەوە، کە دەکرێ بە یەکێك لە کتێبە هەرە بەناوبانگەکانی سەدەی نۆزدە دابنرێت، کە تەواوی ژیان و فیکری مرۆڤایەتی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی نوێتر و گەشەسەندووترەوە وەرچەرخاند. ئیتر مارکس بە هۆی کتێبی مانیفێستی کۆمۆنیزم، ناوی بە تەواوی ئەورووپادا بڵاو بووەوە و سیستەمی سەرمایەداریی ئەڵمانیا بە تەواوی ترسی لێ نیشت. بەڵام دوای مانیفێستی کۆمۆنیستی، گرینگترین کتێب کە مارکس نووسیبێتی و دواتریش لە شێوەی سێ بەرگدا بڵاو بووەوە، بەرگی یەکەمی لە ساڵی 1867 و ، بەرگی دوەمی لە



**ململانێی چینایەتی لە بنەڕەتدا لە دوای قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتایی دروست بوو، واتە کاتێ قۆناغی کۆیلایەتی دروست بوو، ئەو ململانێیە چینایەتییەیش لەگەڵی سەری هەڵدا و، ئیتر لە قۆناغەکانی دواتریش وەك قۆناغی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری هەر بەردەوام بوو**

سالّی 1885 لە دوای مردنی ، ئەنگلس بۆی بڵاو کردەوە، بەرگی سێیەمیشی سالّی 1894 کە فریدریك ئەنگڵس بۆی تەواو کرد و بە چاپی گەیاند .

بە گشتی بنەما فیکرییەکانی مارکسیزم ئەمانەن:

1- ماتریالیزمی دیالەکتیك.

2- ماتریالیزمی مێژوویی.

3- تیۆری زێدەبایی (کەڵەکەبوونی سەرمایە).

4-حەتمیەتی شۆڕش (هەرەسهێنانی سیستەمی سەرمایەداری).

مارکس لە روانگەی شیکەرەوەکانی دوای خۆی، بە یەکەمین کۆمۆنیزمی نوێ دادەنرێت، کە تیۆرەکەی خۆی لە سەر بنچینەی حەتمیەتی ئابووریی سۆسیالیستی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی-کە گەیشتنە بە کۆمەڵگایەکی بێ چین، ئەمەیش بە لێکدانەوەکانی بۆ دیالەکتیکی هیگڵی و سۆسیالیستی تۆباویی فەرەنسی و ئابووریی سیاسیی بەریتانی کە ئادەم سمیس و ریکاردۆ و ئەوانی تر بوون، بەم پێیە مارکس نەك هەر لە بواری تیۆری رووت، بەڵکوو لە رووی پراکتیکیشەوە بوو بە یەکەمین شۆڕشگێڕ و یەکەمین سەرکردەی چینی چەوساوە یەکەم جار لە ئەورووپا، دواتر زۆری نەبرد لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەورووپا و چین و کوبا و.. هتد. هەر مارکسیش بوو توانی بە قووڵی شیکردنەوە و لێکدانەوەی زۆر واقیعییانە بۆ شۆڕشەکانی سالّی 1848 و کۆمۆنەی پاریس لە سالّی 1871 و زۆری تر بکات .

## چەمکی ماتریالیزمی مێژوویی

زاراوە فەلسەفییەکان پێمان دەڵێن، ماتریالیزم، یان رێبازی سروشتی، ئاماژەن بۆ ئەو تێڕوانینە فەلسەفییەی کە باوەڕی بەوەیە جووڵەی مادە، لە توخمە یەکەمینەکانی گەردوونە، کە وابێت دەتوانین فەیلەسووفەکانی گریکی پێش سوقرات، (مەبەست قوتابخانەی سروشتی ئایۆنییە)، بە ماتریالی دابنێین، هەر وەکوو چۆن ئەفلاتوونیش یەکەمین سیستەمی فەلسەفییە کە ناوی میسالی یان ئایدیالیزمی بە سەردا براوە . بەڵام مارکس بە کردەوە هەڵویستێکی توندی لە بەرانبەر ئەو ماتریالیزمە فەلسەفییە وەرگرت، کە لای زۆرێك لە فەیلەسووفانی پێشکەوتنخوازی سەردەمەکەی رەواجی هەبوو، بە تایبەتیش لای زانایانی سروشتناس. ئەم جۆرە ماتریالیزمە پێی وایە کە (ماك)ی هەموو دیاردە عەقڵی و رۆحییەکان، لە ناو مادە و رەوتی پرۆسە ماتریالییەکاندایە، هەروەها ئەم جۆرە ماتریالیزمە، لە کرچوکاڵترین فۆرمیدا، دەگات بەوەی بڵێت، هەست و سۆز و هزر و بۆچوونەکان کتومت

زادەی ڕەوتی پرۆسە کیمیاییەکانی ناو جەستەن، پێوەندیی فیکر بە دەماغەوە، وەك پێوەندیی میزە بە گورچیلەوە.

بەڵام ئەمڕۆ کە باس لە چەمکی ماتریالیزمی مێژوویی دەکەین، لە بنەڕەتدا چەمکی ماتریالیزمی مێژوویی لە نێو یاساکانی ماتریالیزمی دیالەکتیکیدا دێتە دەرەوە، کە لێکۆڵینەوە و ڕاڤەی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان دەکات. بۆ یەکەمین جاریش ئەم چەمکە لە لایەن فریدریك ئەنگلس (کە هاوڕێی زۆر نزیکی مارکس بوو) بە کار هاتوە، بەڵام مارکس قۆستییەوە و کاری لە سەر کرد، کە پێی وابوو چەمکێکی نوێیە بۆ گوزارشتکردن لە جیهان .

بەرهەمی یەکەمی یەکگرتنی مارکس و ئەنگلس، کتێبی مشتومڕ ئامێزی خێزانی پیرۆز بوو، کە لە بەشی کۆتایی ساڵی 1844 دەستی پێ کرد و کۆتاییی ساڵی 1845 بڵاو کرایەوە، بەشی زۆری ئەو کتێبە لە نووسینی مارکسە، کە بە تەواوی لە هیگڵییە لاوەکان دابڕا، ئینجا کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی بە دوادا هات، کە ساڵی 1845-1846 نووسیویانە، کە زیاتر کارێکی ڕەخنەگرانەیە، بەڵام لەم کتێبەدا بۆ یەکەمین جارە مارکس دید و هزری خۆی لە سەر بنەمای ماتریالیزمی مێژوویی هەڵچنیوە، ئیتر وردە وردە ڕوانینی مارکس گۆڕانێکی جیدی بە خۆیەوە بینی و تا مردن لە سەری بەردەوام بوو .

دیدی گشتیی ماتریالیزمی مێژوویی لە کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی و نووسینەکانی دواتری مارکس، جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ دیدەکەی فیۆرباخ و تەواوی کەلەپووری پێشووتری ماتریالیزمی فەلسەفیی هەیە، ماتریالیزم، بەو شێوەیەی مارکس بە کاری هێناوە، ئاماژەیەك نییە بە سەپاندنی هیچ هەڵوێستێکی بوونگەرایانە کە بکرێ لە ڕووی لۆژیکییەوە بسەلمێنرێ، واتا دیدی مارکس هەڵگری گریمانەیەکی دیاریکراوی بوونگەرایانە نەبوو. بەڵکوو مارکس دید و ڕوانینی (واقیعیەت)ی پەسەند کرد، لە سەر بنەمای ئەو دید و بۆچوونەیش بوو، کە ئایدیاکان زادەی بەشداریکردنی مێشکی مرۆڤن لە پرۆسەیەکی هەستیدا لەگەڵ جیهانێکی مادیدا کە دەکرێت بناسرێ ئایدیاکان لە عەقڵی مرۆییدا لە ڕووی ئەزموونییەوە سەربەخۆ نین، بەڵام ئەمە لە پراکتیزەکردنی ماتریالیزمی فەلسەفی ناچارەکیی نییە بە سەر تەفسیرکردنی گەشەی کۆمەڵگادا. هەستی مرۆڤ پەیوەستە بە کارلێکی دیالەکتیکیی نێوان بکەر و بەرکار (خود و شتەکانی تر) کە تێیدا مرۆڤ چالاکانە ئەو جیهان پێك دەهێنێت کە تێیدا دەژی، لەو کاتەی کە جیهانێك دروست دەبێت کە مرۆڤی تێدایە. دەکرێ ئەم قسەیە بە تێبینییەکی مارکس خۆی ڕوونتر بکەینەوە کە کاتێك خاڵێکی نێو (چەند تێزێك سەبارەت بە فیۆرباخ)ی شی کردووەتەوە، ئەو تێبینییەی نووسیوە و گوتوویەتی: تەنانەت پەی پێبردنی ئێمە بە جیهانی مادیش پەیوەستە بە کۆمەڵگاوە، فیۆرباخ پێی وا نییە پەیبردنی هەستەکیانە ناجێگیر بێت و لە هەموو سەردەمێکدا ئەگەری گۆڕان و گۆڕانکاری هەبێت، بەڵام ئەوەی لە جیهانی دیاردەدا ئاوێتەن بریتین لە: بەرهەمێکی مێژوویی، ئەوەیش لە ئەنجامی چالاکی کۆی نەوەکانەوە، هەر یەکێك لە نەوەکان لە سەر شانی نەوەی پێش خۆی وەستاوە، جۆری کارەکەی و پێوەندییەکانی گەشە پێ دەدات و، لە پلەبەندی کۆمەڵایەتیدا بە گوێرەی پێویستییە ئاڵوگۆڕ بەسەرهاتووەکانەوە دەستکاری بکرێت. تەنانەت یەقینێکی هەستەکی بە شتە زۆر سادەکانیش نادا، مەگەر لە ڕێگای گەشەی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پیشەسازییەوە نەبێت .

مارکس ماتریالیست بوو، چونکە پێی وابوو، هیچ شتێك بوونی نییە جگە لە مادە، واتا هیچ مەیلێکی بۆ لایەنە مەعنەوی و ڕۆحانیەتەکانی مرۆڤ نەبوو و، دەیگوت ئاگایی مرۆڤ جگە

لە ڕەنگدانەوەیەکی جیهانی ماتریالی، شتێکی تر نییە .

لە ڕوانگەی مارکسەوە، بەرهەمی مێژوو لە بنچینەدا بریتییە لە پێوەندیی چالاکانەی نێوان مرۆڤ و سروشت ، چونکە پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ڕوە ڕۆشنبیری و مەعریفییەکەی، هاوشانە لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنیکییەکەی بە تایبەت کە بونیادێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێك دەهێنێت.

ماتریالیزم، ئاراستەیەکی فەلسەفییە، لە بەرانبەر فەلسەفەی میسالیەت (المثالیة) سەری هەڵداوە، وشەی ماتریالی ئەو ڕێبازەیە کە دەڵێت بنچینەی هەموو ئەو دیاردانەی هەن و ڕوو دەدەن، لە بنچینەدا بۆ مادە دەگەڕێتەوە، هەڵگرانی ئەو ڕێبازە فەلسەفییە وای دەبینن کە ڕێبازی ماتریالی ئەوەیە کە جیهان بریتییە لە کۆمەڵێك پێکهاتە کە سەرچاوەی هەموو شتەکانی مادەیە، واتە مادە سەرچاوەی پێکهاتەکان و شتەکانە لە جیهاندا .

ماتریالیزمی مێژوویی، لە بنەڕەتدا، بە واتای لێکۆڵینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان دێت لە ژێر تیشکی پرەنسیپی شیکردنەوەی ماتریالییانە لە مێژوودا، واتە بە شێوەیەکی گشتی ئەو دیاردانەی کە لە گەردوون و سروشت ڕوو دەدەن، پرەنسیبەکانی ماتریالیزمی دیالەکتیکی دەبنە تەواوکەری شیکردنەوەی لۆژیکیانە لە گەردوون و سروشت و ژیانی واقیعی کۆمەڵایەتی لە مێژوودا. بە دیوەکەی تردا، ئەگەر ماتریالیزمی دیالەکتیکی بە مانا گشتییەکەی بریتی بێت لە فەلسەفەی مارکسیزم، واتە زانستێك بێت بۆ لێکۆڵینەوە لە گرینگترین یاساکانی بزووتنەوەی سروشت و بزووتنەوەی کۆمەڵگا و بزووتنەوەی بیر و هزری مرۆڤایەتی، ئەوا بێگومان ماتریالیزمی مێژووییش بریتییە لە تیۆری کۆمەڵگا کە مارکس دای ڕشتوە، واتا زانستێکە لە یاسا گشتییەکان و لە هێزە بزوێنەرەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکەن، دانراوە، دەبێت ئەوەیش بزانرێ کە ماتریالیزمی مێژوویی بە تەنیا لە سەر بابەتی مێژووی کۆمەڵگاکان و مێژووی سەرهەڵدان و پێشکەوتن و گۆڕینی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە ئابوورییەکان کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو جگە لەوانەی باسمان کرد، هەموو ئەو لێکۆڵینەوە زانستیانەیش دەگرێتەوە کە بۆ ژیانێکی هاوچەرخانە لە تەواوی وڵاتە جیاوازەکان دەکرێت- وڵاتانی سەرمایەداری بێت یان سۆسیالیستی بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە، هەروەها ئەو یاسایانەیش دەگرێتەوە کە بە شێوەیەکی گشتی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤایەتی دادەڕێژرێن . گەوهەر و بنچینەی ماتریالیزمی مێژوویی بریتییە لە بونیادی سەرخانی کۆمەڵگا کە بونیادی ژێرخانەکەی لێ دێتە بەر، بونیادی ژێرخانی کۆمەڵگایش بریتییە لە کۆمەڵێك پێوەندیی کۆمەڵایەتیی ئابووری لە کۆمەڵگادا، کە پێوەندییان بە خۆشگوزەرانیی ژیانی کۆمەڵگاوە هەیە، بونیادی سەرخانی کۆمەڵگایش بریتییە لە کۆمەڵێك یاسا و ئەخلاق و سیاسەتی گشتی، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان بە سەر بونیادی ژێرخانی کۆمەڵگاوە هەیە.

ماتریالیزمی مێژووی لە بنچینەدا لە سەر چەمکی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دروست بوە، بەو پێیەی مرۆڤەکان هەمیشە کوڕی سەردەمی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان و چینە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیان بوونە، هەروەها ماتریالیزمی مێژووی لەو ململانێیە دەکۆڵێتەوە، کە لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا سەری هەڵداوە، چونکە لە ڕوانگەی مارکسەوە ئەو جۆرە ململانێیەی نێوان مرۆڤ و سروشت، لە سەردەمی قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتای (المشاعیة البدائیة) نەبوە، بەڵکوو لە کاتی سەرهەڵدانی قۆناغی کۆیلایەتییەوە وردە وردە سەری هەڵداوە و گەشەی کردوە. لێرەوە هێزی بەرهەمهێنان، لە لایەن مرۆڤەوە دروست بوە و مرۆڤ

لە سروشت جیا بوەتەوە و، وردە وردە خۆی ناسیوە و کەسایەتیی خۆی بۆ خۆی دروست کردوە. چونکە پێشتر کە قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتایی بوە، مرۆڤ خاوەنی هیچ شتێك نەبوە و خاوەندارێتیی هیچ شتێکی نەکردوە، بەڵام لە قۆناغی کۆیلایەتیی ئیتر وردە وردە خاوەدارێتیی هاتوەتە کایەوە .

ماتریالیزمی مێژوویی، لە زانستە مرۆڤایەتییەکانی تری وەك (ئابووری، ماف، ئاکار، جوانناسی، تۆژینەوەی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی مەیدانی... هتد) جیاوازە، چونکە ئەو زانستانەی کە باسمان کرد، تەنیا لە لایەنێکی دیاریکراوی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکۆڵنەوە و، لێکۆڵینەوەکانیان لە سەر کۆمەڵگا و ژیانی کۆمەڵایەتیدا وەك ئەوەیە لە یەك گۆشەنیگای تەواوەوە کرابێت، ئەمەیش لە ڕێگای پەیوەندییەکانی ئاڵوگۆڕی نێوان لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگاوە بێت. بۆیە ماتریالیزمی مێژوویی زانستێکە لە یاساکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بە ڕێگایەکی تیۆری فەلسەفی دەکۆڵێتەوە، کە زیاتر لە هەر زانستێکی تر میتۆدی و سۆسیۆلۆژییە لە یەك کاتدا .

بە کورتی و بە شێوەیەکی گشتی، ماتریالیزمی مێژوویی لە بنەڕەتدا بریتییە لە تیۆری گۆڕینی کۆمەڵایەتی، ئەو تیۆرەی کە هەموو



Erich Fromms



**مارکس لە کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، بە توندی کەوتە بەریەکهەڵوەشاندنەوەی فەلسەفەی ئەڵمانی ڕوونتر بڵێین میسالیەتی ئەڵمانی کە لە سەردەمی هیگڵ و فیختە و ئەوانی ترەوە ببوو بە قوتابخانەیەکی فەلسەفی لە ئەڵمانیادا**

گۆڕان و گواستنەوە بنچینەییەکان لە چوارچێوەی هەر کۆمەڵگایەکدا دەخاتە ڕوو، کە لە سیستەمێکی سەرمایەداریدا ڕوو دەدات .

## چەمکی ململانێی چینایەتی

ململانێی چینایەتی لەو کاتەوە سەری هەڵدا، کاتێك هێز و بازوو لە لایەن مرۆڤەوە خۆی قوت کردەوە و مرۆڤ هەوڵی دا کۆنترۆڵی دەوروبەری خۆی بکات و هەژموونی خۆی بە سەر دەوروبەریدا بسەپێنێت، بە شێوەیەکی ڕوونتر ململانێی چینایەتی لەو ڕۆژەوە دروست بوو کە بۆ یەکەمین جار دوو چینی کۆمەڵایەتی دروست بوون، ئەویش کۆیلە و کۆیلەدار بوو، کۆیلەدارەکان کۆیلەکانیان دەچەوساندەوە، ئیتر لەو ڕۆژەوەی ململانێی چینایەتی دروست بوو، چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە دەستی پێ کرد. بۆیە مارکس لە بەناوبانگترین کتێبەکەی خۆیدا کە مانیفێستی کۆمۆنیستی بوو، لە سەرەتای نووسینی ئەو کتێبەیدا ئاوەها نووسیوە: مێژووی هەموو کۆمەڵگاکان تا بە ئەمڕۆ دەگات، بریتییە لە مێژووی ململانێی چینایەتی، ململانێیەك لە نێوان کۆیلەو کۆیلەدار، لە نێوان خانەدان وخەڵکی ڕەشۆك و گشتی، لە نێوان فەرمانڕەوا و خزمەتکار، لە نێوان فێرکار و پیشەگەر، لە نێوان چەوسێنەران و چەوساوەکان . مارکس لە کتێبە زۆر بەناوبانگەکەیدا کە دواهەمین کتێبی خۆیەتی لە ژیانیدا نووسیویەتی، جارێکی تر جەختی لە ململانێی چینایەتی کردوەتەوە و نووسیویەتی: مێژووی مرۆڤایەتی بریتییە لە مێژووی ململانێی چینە کۆمەڵایەتییەکان، ململانێی چینایەتیش بریتییە لە ململانێی نێوان دوو چینی کۆمەڵایەتیی پێکناکۆك، کە بریتییە لە چینێکی فەرمانڕەوا و چینێکی تری زوڵملێکراو . واتە ململانێی چینایەتی لەو کاتەوە دروست بوو کە بەرژەوەندییەکان بە یەك ناکۆك بوون، ئەمەیش لە ڕوانگەی مارکسەوە هۆکارەکە هۆکارێکی ماتریالییە، چونکە چینێك هەموو هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەگرێتە ژێر دەستی خۆی و، چینەکەی تریش هیچ هۆیەکانی بەرهەمهێنانی لە دەستدا نییە، بەڵکوو تەنیا دەتوانێت ماندووبوونێکی جەستەیی نیشان بدات کە لە بریی هەندێ پارە و پوول بە خاوەنی کارگەی دەفرۆشێت و قازانجەکەیش خاوەنی کارگە دەیکات بێ ئەوەی هیچ ماندووبوونێکی جەستەیی ئەنجام بدات . ئەم ململانێی چینایەتییە لە بنەڕەتدا لە دوای قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتایی دروست بوو، واتە کاتێ قۆناغی کۆیلایەتی دروست بوو، ئەو ململانێی چینایەتییەیش لەگەڵی سەری هەڵدا

و، ئیتر لە قۆناغەکانی دواتریش وەک قۆناغی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری هەر بەردەوام بوو تا بە ئێستایشەوە دەگات، لە قۆناغی دەرەبەگایەتی ململانێی چینایەتی لە نێوان جوتیار و ئاغا (خاوەن زەوی) هەبوو، جوتیار هەموو ماندووبوونەکەی دەکێشا، کەچی سوودەکە بۆ ئاغا بوو، بێ ئەوەی ئاغا هیچ ماندووبوونێك بکێشێت، دواتریش لە قۆناغی سەرمایەداری ئەو ململانێی چینایەتییە هەر درێژەی کێشا بەڵام بە شێوازێکی تر، ئەویش لە نێوان کرێکار و خاوەن کارگە و کۆمپانیاکان، کرێکار بەردەوام خەریکی ئیش و ماندووبوونە و هێزی ماندووبوونی خۆی دەفرۆشێت بۆ ئەوەی پێی بژی، کەچی سوودی زۆر بۆ خاوەنی کارگە و کۆمپانیاکانە، بێئەوەی ئەو خاوەن کارگە و کۆمپانیایانە ماندوو بن. ئەم ململانێیە کە چینی ژێر دەستە دەکەوێتە دۆخێکی خراپی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسی، وا دەکات هۆشیاریی چینایەتی لە لایەن زوڵملێکراوەکان دروست ببێت، کاتێ هۆشیارییەکە دروست دەبێت، ئیتر ئەم چینە چەوساوەیە لە یەکتری نزیکتر دەبنەوە و هاوڕا و هاوبۆچوون دەبن بەرانبەر چەوسێنەرەکان، ئیتر ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕانە لە نێوان ئەو خەڵکەی ئەو چینەیان پێك هێناوە، کە چینێکی چەوساوەیە، دوای ئەو ڕێکخستنە شۆڕشگێڕییە، تاکەکانی ئەو چینە خەڵکە زوڵملێکراوەکە هان دەدەن بۆ ئەوەی شۆڕشێك بەرپا بکەن لە بەرانبەر چینی فەرمانڕەوا و چەوسێنەران، ئیتر ئەم شۆڕشە دەبێتە هۆی ڕووخانی شێوازی بەرهەمهێنان و هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ڕووخانی کۆمەڵگە، کە دەبێتە هۆی دووبارە دابەشکردنەوەی شێوازی بەرهەمهێنان و هۆیەکانی بەرهەمهێنان بەڵام بە شێوازێکی جیاوازتر لە هی پێشوو . کەواتە ململانێی چینایەتی لە نێوان ئەو دوو چینە پێکناکۆکەدا بەردەوامە و لە ژێر گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێناندایە، لە بنچینەیشدا ئەم ململانێیە لە کۆمەڵگاکانی پیشەسازیی سەرمایەداریدا دەگەنە لوتکە و بە توندترین شێوە و بە زەقترین دیاردە خۆی دەنوێنێت. چونکە لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا جیاوازیی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان زۆر بە ڕوونتر لە یەکدی جیا بوونەتەوە و بە ئاشکرا هەستی پێی دەکرێت، جگە لەوەی گەشەکردنی سەرمایەداری لە ڕێگای زیاتر کەڵەکەبوونی بێهاوتای سامان و سەرمایە لە دەستی چینێك و توندتربوونی هەژاری و نەداری و مەینەتی چینەکەی تر لە دوو جەمسەری کۆمەڵگادا، تا دێت پتەوتر و بەهێزتر دەبێت . لە ڕوانگەی مارکسەوە مێژووی ململانێی چینایەتی وای کردوە، مرۆڤایەتی لە قۆناغی کۆیلایەتییەوە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی دەرەبەگایەتی، لەوێشەوە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی سەرمایەداری، لە سەرمایەداریشەوە دەبێت بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی سۆسیالیستی، ئەو قۆناغەی کە کۆتایی بە چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەکانەوە دەهێنێت .

## فەلسەفەی مارکس

گرینگترین وتەی مارکس کە لە سەرەتای ململانێ فیکرییەکانی خۆی لە بەرانبەر هەندێ هزرڤان و فەیلەسووفی تر خستبێتییە ڕوو، ئەو وتەیە بوو کە وەڵامی فیۆرباخ ی دایەوە و گوتی: هەموو فەیلەسووفەکانی پێشووتر، تەنیا باس(یان وەسف)ی ململانێکانی جیهانیان کردوە، بەڵام ئێستا قسە لە سەر گۆڕینی ئەو جیهانەیە . واتا فەیلەسووفەکانی پێشوو تەنیا چۆنێتیی ململانێکانی ناو مێژوویان بۆ باس کردووین کە ڕوویان داوە، نەهاتوون بیر لە گۆڕینی ئەو مێژوە بکەن، چونکە مێژوو کردەیەکە لە لایەن مرۆڤەکانەوە ئەنجام دەدرێ، شتێك نییە لە دەرەوەی توانا مرۆییەکانەوە بێت، کاتێ قسە لە گۆڕینی جیهانیش دەکەین، بەو ئاراستەیەیدا دەبەین کە

ئیتر چەوساندنەوە نەبێتە چەکێك بە دەستی ستەمکار و چەوسێنەرانەوە. دوای ئەم قسەیە، مارکس هات لە مانیڤێستی کۆمۆنیزمدا زۆر بە ڕاشکاوانە و لە سەرەتای نووسینی مانیڤێستەکەیدا گوتی: مێژووی هەموو کۆمەڵگاکان تا ئەمڕۆ، بریتی بوە لە ململانێی چینایەتی. ململانێیەك لە نێوان کۆیلە و کۆیلەدار، لە نێوان خزمەتکار و سەردار، لە نێوان پیشەگەر و خاوەن پیشە، لە نێوان چەوساوەکان و چەوسێنەران . ئەم ململانێیەی کە مارکس باسی لێ وەکرد، لە بنەڕەتدا، بە هۆی ئەو بارودۆخە تێکهەڵقژاوو تێکچڕژاوەوە بوو، کە لە تەواوی وڵاتانی ئەورووپا پەرەی سەندبوو، بە شێوەیەك ئەو کاتەی مارکس بە هاوکاریی ئەنگڵس مانیڤێستی کۆمۆنیستیان لە ساڵی 1848 بڵاو کردەوە، ساڵی پەشێوی و ئاژاوەگێڕی لە لایەك و هەروەها ساڵی شۆڕش و ڕاپەڕینە یەك لە دوای یەکەکاندا بوولە(8) هەشت وڵات یان دەوڵەتی ئەورووپادا . بۆیە مارکس لە سەروبەندی ئەو ساڵانە وەك شۆڕشگێڕێکی نێونەتەوەیی لە وڵاتی ئەڵمانیا و بەلجیکا ناسرابوو، بە تایبەت ساڵێك پێش مانیڤێستی کۆمۆنیستی واتە ساڵی 1847 کتێبی (هەژاریی فەلسەفە ) ی نووسی ، کە وەڵامدانەوەیەکی توندی ڕەخنەیی بوو، هاوکات شێوە و جۆر و ناوەڕۆکی سیستەمی باوی ئەو کاتی بە توندی دایە بەر ڕەخنە . ئەم شەڕی چینایەتی و ململانێی سیاسی و فیکرییانە، وایان لە مارکس کرد، هەموو ژیانی خۆی بۆ ڕاپەڕین و شۆڕشێکی گەورە تەرخان بکات و هیوای سەرهەڵدانی شۆڕشێکی مەزن بە گوێی چینی کرێکاران و چەوساوەوەکانی ئەورووپادا بدات، بۆ ئەمەیش ئەو کاتەی لە لەندەن نیشتەجێ ببوو، بەتەواوی خۆی بۆ نووسینی کتێبی سەرمایە تەرخان کرد، کە شیکردنەوەیەکی زانستیانەی سیستەمی سەرمایەداریی بوو لەو کاتدا، کە خۆی لە سێ بەرگدا بینییەوە، بەرگی یەکەمی ساڵی 1867 چاپ و بڵاوکردەوە، بەرگی دوەمیشی ساڵی 1880 چاپ و بڵاوکردەوەودوو ساڵ دواتر ئەم کتێبە لە ڕوسیاش بە زمانی ڕووسیی چاپ و بڵاوکرایەوە . گەورەیی مارکس لەوەوە دروستببوو، ڕاستە پێشتر کۆمەڵناسی میسالی هەبوو، بەڵام کۆمەڵناسی میسالی وایان سەیری مێژوودەکرد، کە کە جەماوەری میللی، تەنیا بابەتێکی مێژوەکەن، نەك بتوانن مێژوو دروست بکەن، واتا مارکس ئەو فەلسەفەیەی گۆڕی بۆ گۆڕینی جیهان و بۆ دروستکردنی مێژوویەکی نوێتر، ئەویش لە ڕێگای ئەو چالاکییانەی چینی بەشخوراوو بەشمەینەت ئەنجامی دەدات. هەر لەم ڕوانگەشەوە بوو، پێش مارکس مێژووناسان و زانایانی کۆمەڵناسی و هەروەها ئابووریناسانیش، لەو باوەڕەدا بوون، کە سەرمایەداری سیستەمێکی ئاسایی و سروشتییەو قابیلی گۆڕین و هەڵوەشاندنەوە نییە، بۆ نموونە هیگڵ پێی وابوو ڕێڕەوی مێژوو بە گەییشتنی بە پاشایەتی پروسیا تەواو دەبێت ، مارکس هات ئەم هزرەی لە باریەکدی هەڵوەشاندەوەو، شیکردنەوەیەکی قووڵی بۆ رووخانی سیستەمی سەرمایەداری کرد، چونکە چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە لەم سیستەمە سەرمایەدارییەدا زۆر توند و دڕندانەیە، بۆیە ناتوانێ تا هەتایە بمێنێتەوە و چینی بەشخوراو، لێی ڕادەپەڕن و شۆڕش ئەنجامدەدەن.

هەروەها مارکس لە کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، بە توندی کەوتە بەریەکهەڵوەشاندنەوەی فەلسەفەی ئەڵمانی ڕوونتر بڵێین میسالیەتی ئەڵمانی کە لە سەردەمی هیگڵ و فیختە و ئەوانی ترەوە ببوو بە قوتابخانەیەکی فەلسەفی لە ئەڵمانیادا، ئەوە بوو مارکس گوتی دژایەتی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ ئەو فەلسەفە ئەڵمانییەدا ئەوەیە، ئاراستەکەی لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی هاتوە، ئێمە لە زەوییەوە بەرەو ئاسمانی دەبەین. واتە ئێمە لەو جێگەیەوە

هەنگاو هەڵناهێنینەوە کە مرۆڤ خەیاڵی لێ دەکاتەوە یان وێنای دەکات، یان ناچین لەو جێگەیەوە دەستپێبکەین کە مرۆڤ تێیدا کراوەتە بابەتێکی جێگای گێڕانەوە، جێگەی بیرلێکردنەوە، بە خەیاڵکراوە و وێنا کراوە. بەڵکوو ئێمە کار لە سەر مرۆڤە واقیعییەکان دەکەین و لەوانەوە دەستپێدەکەین، چونکە ئێمە لە میانی خوێندنەوەی ئاستی پێشکەوتنی ژیانی واقیعی ئەوانەوە، لە دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژییەکانی ئەو پێشکەوتنە تێدەگەین و دەزانین بە چ ئاستێك گەییشتوە. تا مارکس دەگاتە ئەو ئاستەی ڕەخنەی توند و ڕاستەوخۆ لە هیگڵ دەگرێت و دەڵێت، هیگڵ سەری لە زەوییە و قاچی لە ئاسمانە، من قڵپی دەکەمەوە و قاچەکانی دەخەمەوە سەر زەوی و سەریشی لە ئاسمان، بۆیە دەڵێت فەلسەفەی هیگڵ بۆ مێژوو، وەك ئەو گوزارشتە فەلسەفییە دۆگمایەیی ئەڵمانی - مەسیحی وایە، لە بارەی دژایەتی نێوان ڕۆح و مادە. یان لە نێوان خوا و دونیادا.

گەورەترین کێشەی فیکری لە نێوان مارکس و هزرڤان و فەیلەسووفەکانی تردا ئەوە بوو، مارکس هەموو تێڕوانین و شیکردنەوە فیکری و فەلسەفیەکانی خۆی لە سەر بنەمای ماتریالیزم بونیاد نابوو، کە بریتی بوون لە ماتریالیزمی مێژوویی و ماتریالیزمی دیالەکتیکی، لێرەوە ململانێکانی مارکس لەگەڵ فەیلەسووف و هزرڤانەکانی سەردەمی خۆی و پێش خۆی توندتر و سەختتر دەبوو، چونکە بە بڕوای مارکس هەموو ئەو نووسینانەی فەیلەسووفەکان تێڕوانینێکی میسالیانە بوە، کە ئەمەیش دادی چینی بەشخوراو کە چینی کرێکار لە پێشەوەی بەشخوراوەکانە نادات، تێڕوانینی ماتریالیزم لە فەلسەفەی مارکسدا بە ڕوونی ئەم بابەتانەی گرتبوە خۆی و شیکردنەوەی فیکری ڕوون و ڕاشکاویشی بۆ کردوە، کە بریتین



*terry eagleton*



*karl marx*

لە: واقیعی کۆمەڵایەتی یان بوونی کۆمەڵایەتی(Social Being)، هۆشیاری کۆمەڵایەتی(Socia Consciousness)، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی - ئابووری(Social Economic Formation)، نامۆبوون(Alienation)، ژێرخان(Economic Basis)، (سەرخان(Superstrure)، شێوازی بەرهەمهێنان(Mode of Production)، هێزی بەرهەمهێنان(Forces of Production)، پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان(Relations Production) ، هەموو ئەمانەیشی بە ڕوونی شیکردۆتەوە بە تایبەت کاتێك ناکۆکی دەکەوێتە نێوان هێزی بەرهەمهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان، هەروەها کاریگەری پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە هێزی بەرهەمدا، مارکس هەوڵیداوە، لە هەموو ئەمانەدا پێکهاتەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانی ئابووری، بێنێتە دی کە خۆی لە سیستەمێکی سۆسیالیستیدا دەبینێتەوە.

ڕاستە مارکس سودی لە دیالەکتیکی هیگڵ و ماتریالییەکەی فیۆرباخ وەرگرتوە، بەڵام مارکس هەر دووکیانی وەرگێڕاوە و قلْپی کردوونەتەوە، هەر وەکوو چۆن پێش مارکس سۆسیالیزم هەبوو، بەڵام سۆسیالیزمێکی تۆباوی هەبوو، مارکس هات سۆسیالیستی زانستی لە فەلسەفەدا جێگیر کرد، بۆیە مارکس بە توندی فەلسەفەکانی پێش خۆی داوەتە بەر ڕەخنە و شیکردنەوەی زانستییانە و، ڕوونیشی دەکاتەوە، کە میسالیەتی ئەڵمانی کە هیگڵ ڕابەرایەتی دەکات و ماتریالیەت کە فیۆرباخ پێشەواکەیەتی، ناتوانن

مرۆڤـەکان ئـازاد بکـەن، هیـگڵ بـە هەڵەداچـوە کـە پێـی وایـە: مێـژوو بـە تواندنـەوە لـە -خـود هۆشـیاری- بـە وێنـەی -رۆحـی ڕۆح- یـان ڕۆحـی جیهـان، کۆتاییـی پـێ بێـت، نەخێـر وا نییـە، چوکـە هـەر قۆناغێـك بەرهەمێکـی مـادی بـە وێنـەی کۆمەڵێـك لـە هێزەکانـی بەرهەمهێنـان و پێوەندییەکـی مێژوویانـەی پێکهاتـوو لەگـەڵ سروشـت و لـە نێـوان کەسـەکاندا دەگرێتـەوە، کـە لـە پێشـینانەوە دەدرێتـە دەسـتی هـەر نەوەیـەك، کەڵەکەبـوەکان لـە هێـزە بەرهەمهێنـەرەکان کـە لـە لایـەن نـەوەی نوێـوە دەگۆڕێـت، بـەلاَم هەلومەرجـی ژیانیـش بـۆ ئـەم نەوەیـە لـە بـار دەکات و دۆزینەوەیەکـی دیـار و خەسـڵەتێکی تایبەتـی دەداتێ، ئـەم تێگەییشـتنە دەری دەخـات بـە هەمـان ڕادە کـە ئینسـانەکان هەلومـەرج و دەورانـەکان پێـك دەهێنـن، هەلومـەرج و دەورانەکانیـش ئینسـانەکان پێـك دەهێنێـت . هـەر ئەمەیـش بـوو لـە ڕوانگـەی مارکسـەوە، ئاییـن بـە هیـچ شـێوەیەك بزوێنـەری مێـژوو نییـە، وەك هیـگڵ وای بـۆ دەچـوو، بەڵکـوو مـرۆڤ بزوێنـەری ئایینیشـەو مێژوویشـە.

بـە گشـتی فەلسـەفەی مارکـس، گرینگییەکـەی لەوەدایـە، هەمـوو ئـەو خەیاڵپلاَوییـەی پێـش مارکـس لـە لایـەن فەیلەسـووفەکانەوە هەبـوو تـا دەگاتـە هیـگڵ، مارکـس هەمـووی سـەراوبن کـرد و، واقیعبینانەتر فەلسـەفەکەی دارِشتەوە، کـە مـرۆڤ لـە ناویـدا گەورەتریـن و پـڕ بەهاتریـن سـەرمایە بێـت. واتـە مـرۆڤ چەقـی گۆڕانکارییـەکان و چەقـی مێـژوە، نـەك شـتێکی تـر. بۆیـە پێـی وابـوو چینـی پرۆلیتاریـا کـە بـۆ خـۆی چینێکـی شۆڕشـگێڕە، لـە نێـوان هەمـوو ئامێرەکانـی بەرهەمهێنانـدا، زۆرتریـن توانـای بەرهەمهێنانـی هەیـە . بـەلاَم ئـەوە مانـای ئـەوە نییـە هەمـوو فەلسـەفەی پێـش مارکـس بخەینـە ژێـر سـفرەوە، بەڵکـوو بـە پێچەوانـەوە، تـا خوێندنەوەیەکـی ورد بـۆ هیـگڵ لـە لایەنـە دیالەکتیکییەکـەی و لـە لایەکـی تریشـەوە فیۆربـاخ لـە لایەنـە ماتریالییەکەیـەوە نەکەیـن، زۆر ئەسـتەمە بتوانیـن لـە مارکـس تێبگەیـن . چونکـە مارکـس کاتێـك بـە تونـدی ڕەخنـەی لـە فەلسـەفەکانی پێـش خـۆی گرتـوە، لـەو ڕوانگەیـەوە شـی کردوەتـەوە، کـە هەمـوو فەیلەسـووفەکانی پێشـوو، فەلسـەفەیان بـەرەو گەندەڵـی بـردن و غافڵکـردن و هەڵخەڵەتاندنـی خەڵکـی بـردوە، بـە بـڕوای مارکـس تەنیـا سۆسـیالیزمی زانسـتییە کـە کۆمەڵگایـەك پێـك دەهێنێـت کـە مـرۆڤ تێیـدا نابێـت بـە کۆیلـەی هیـچ کـەس و هێـز و لایەنێـك. کەوابێـت تەنیـا لـەو کۆمەڵـگا سۆسیالیسـتییەیە کـە مـرۆڤ لـە جەبـری خەسـارکردن و ڕووخاندنـی کەسـایەتی و هێـزی کاری خـۆی ڕزگاری دەبێـت.

**پەراوێزەکان:**

1 - د. عبـد العلـى مقبـل، مارکـس کـێ بـوو- کتێبێـك کـە چارەنووسـی جیهانـی گـۆڕی، وەرگێڕانـی: مەجیـد مارابـی – جـەواد حەیـدەری، لـە بلاَوکراوەکانـی دەزگای ئایدیـا بـۆ فیکـر و لێکۆڵینـەوە، سـلێمانی، 2015، ل7.

2 - د.عبداعلی مقبل، سەرچاوەی پێشوو، ل43.

3 - فوئـاد سـدیق، فەلسـەفە-پێش فەلسـەفە تـا مردنـی نیچـە-، هەولێـر، نـەورۆزی 2015، ل279

4 - کارل هاینریـش مارکـس، جیاوازیـی نێـوان فەلسـەفەی سرووشـتی دیموکریـت و ئەپیکـۆر، دەزگای دوارۆژ بـۆ ڕووناکبیریـی و ڕاگەیانـدن، 2016.

5 - كارل ماركـس، حـول المسألة اليهوديـة، ت: نائلـة الصالحـي، بـدون سـنة الطبـع.

6 - كارل ماركـس، مخطوطـات كارل ماركـس لعـام 1844، ت: محمـد مسـتجير مصطفـى، دار الثقافـة الجديـدة، 1974.

7 - كارل ماركـس – فريدريـش انجلـز، الأيديولوجيـة الألمانيـة، ت: د.فـؤاد ريـوب، الـدار دمشـق، عـام 1976.

8 - كارل ماركس-فريدريـش انجلـز، البيـان الشـيوعي، ترجمـة وتقديـم: محمـود شريـح، منشـوراتالجمل، عـام 2000 .

9 - ماركـس، رأس المـال، دار التقـدم، موسـكو، ترجمـه: دكتـور فهـد كـم نقـش، دار التقـدم، الجـزء الأول، 1985.

10 - ماركـس، رأس المـال، دار التقـدم، موسـكو، ت: دكتـور راشـد الـبراوى، مكتبـة النهضـة المصريـة، الجـزء الثـاني، 1947.

11 - كارل ماركـس، رأس المـال – نقـد الأقتصـاد السـياسي، اعـده للنـشر: فريدريـك انجلـز، ت: فالـح

عبدالجبار، دار الفارابي، ط 1، 2013

12 - فوئاد سديق، فەلسەفە، سەرچاوەی پێشوو ، ل 282.

13 - الأستاذ الدكتور علي ليلة والأستاذ الدكتور محمد الجواهريو الأستاذة الدكتورة عاياء شكري، عمان، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، ط 1 ، 2010، ص 15.

14 - ئەريك فرۆم ، چەمكی مرۆڤ لای ماركس، وەرگێرانی: ئارام جەمال سابیر، سلێمانی، چاپخانەی چوار چرا، 2005، ل33-34 .

15 - ئەريك فرۆم ، چەمكی مرۆڤ لای ماركس، سەرچاوەی پێشوو، ل 34 – 35 .

16 - د.عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسة، مجموعة من المشاركين، الجزء الخامس ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط 4 ، 1999، ص626

17 - ئەنتۆنی گیدینز، تیۆری كۆمەڵایەتیی هاوچەرخ و سەرمایەداری –خوێندنەوەیەك بۆ كارەكانی ماركس و دۆركایم و ڤیبەر-، وەرگێرانی: ئارام شوانی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، هەولێر، 2016، ل53

18 - ئەنتۆنی گیدینز، تیۆری كۆمەڵایەتیی هاوچەرخ و سەرمایەداری، سەرچاوەی پێشوو، ل 59 .

19 - تێری ئیگڵتۆن، بۆچی ماركس لە سەر حەق بوو؟ ، وەرگێرانی: پێشڕەو محەمەد، دەزگای ئایدیا بۆ فیكر و بڵاوكردنەوە، 2015، ل 225.

20 - جيرار بن سوسان و جورج لابيكا، معجم الماركسيه النقدی، ترجمة : جماعية، دار الفارابی- بيروت ودار محمد علی للنشر-تونس، ط1، 2003 ، ص1140

21 - الاستاذ الدكتور احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ط 1 ، 1999 ، ص 546 .

22 - الدكتور خضر زكريا، نظريات سوسيولوجية، دار الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا- دمشق، ط 1 ، 1998، ص64.

23- https: //ar.wikipedia.org/wiki-

24 - الدكتور خضر زكريا، نظريات سوسيولوجية، نفس المصدر السابق، ص64.

25 - الأستاذ الدكتور: علي ليلة والأستاذ الدكتورمحمد الجوهري والأساتذة الدكتورةعلياء شكري، التغير الاجتماعي والثقافي، دار المسيرة، عمان، ط 1 ، ، 2010، ص15.

26 - كارل ماركس – فريدريش انجلز، البيان الشيوعى، المصدر السابق، ص37.

27- Marx,K. Selected writings in Sociology and Social Philosophy. Pelican Book, Middle sex, 1997, p.203

28- Ibid., P. 211. -

29 - الاستاذ الدكتور احسان محمد الحسن، النظريات الاجتماعية المتقدمة، دار وائل للنشر، عمان، ط 1 ، 2005 ، ص 131.

30 - د. محەمەد شوانی، سۆسیۆلۆژیای چینە كۆمەڵایەتییەكان، بڵاوكراوەكانی كتێبخانەی ئاوێر، هەولێر، چاپی یەكەم، 2012 ، ل122.

31- Marx,K. and F.Engels. The Socialist Revolution, Moscow, Progress publishers, 1998, p.11. -

32 - كارل ماركس-فريدريك انجلز، الآيديولوجية الألمانية، سەرچاوەی پێشوو.

33 - كارل ماركی – فريدريك انجلز ، البيان الشيوعى ، سەرچاوەی پێشوو، ل37-38.

34- Karl Marx: from trier to Highgate. Yuille,Judith. Highgate Cemetery .1991.

35 - كارل ماركس، بؤس الفلسفة –رد على فلسفة البؤس لبرودون -، ت: نحمد مستحير مصطفى، بيروت، دار الفارابي، ط 3 ، 2007

36 - كارل ماركس، بؤس الفلسفة- رد على فلسفة البؤس لبرودون -، ت: حنا عبود، دار دمشق للطباعة والنشر، ط 1 ، 1972

37 - تیم دیلانی، تیۆرە كلاسیكەكانی كۆمەڵناسی- لێكۆڵینەوە و بەكارهێنان- وەرگێرانی: خالید شێخی، دەزگای بیریار بۆ بڵاوكردنەوە، سەقز، چاپی 1 ، 1395 ی هەتاوی ، ل 197.

38 -تیم دیلانی ، تیۆرییە كلاسیكەكانی كۆمەڵناسی ، سەرچاوەی پێشوو، ل 199.

39 - الدكتور خضر زكريا، نظريات سوسيولوجية، نفس المصدر السابق، ص70.

40 - كارل ماركس-فريدريك ئەنگلس، ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، وەرگێرانی: سەلام مارف، چاپی یەكەم، 2001 ، ل30

41 - الدكتور خضر زكريا، نظريات سوسيولوجية، المصدر نفسه ، ص72.

42 - كارل ماركس – فريدريك ئەنگلس، ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل58.

43 - ارنست فيشر، هكذا تكلم ماركس حقا، ت: محمد عيتاني، بيروت ، دار العودة، ط 1 ، 1973 ، ص90 .

44 - بليخانوف، القضايا الأساسية في الاشتراكية، ت: حنا عبود، دار دمشق للطباعة والنشر، 1973، ص10.

45 - د. بۆتۆڵ ، دامەزرێنەران و سەرهەڵدانی كۆمەڵناسی، وەرگێرانی: فەرید شەریفی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2005، ل85-86.

## سەرچاوەکان


### بە زمانی کوردی

1- د. عبد العلی مقبل، مارکس کێ بوو- کتێبێك کە چارەنووسی جیهانی گۆڕی، وەرگێڕانی: مەجید مارابی – جەواد حەیدەری، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی، 2015.

2-فوئاد سدیق، فەلسەفە-پێش فەلسەفە تا مردنی نیچە، هەولێر، نەورۆزی 2015.

3- کارل هاینریش مارکس، جیاوازیی نێوان فەلسەفەی سروشتی دیموکریت و ئەپیکۆر، دەزگای دواڕۆژ بۆ ڕووناکبیری و ڕاگەیاندن، 2016.

4- د. محەمەد شوانی، سۆسیۆلۆژیای چینە کۆمەڵایەتییەکان، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، هەولێر، چاپی یەکەم، 2012.

5- تیم دیلانی، تیۆرە کلاسیکەکانی کۆمەڵناسی- لێکۆڵینەوە و بەکارهێنان- وەرگێڕانی: خالید شێخی، دەزگای بیریار بۆ بڵاوکردنەوە، سەقز، چاپی 1، 1395ی هەتاوی.

6- کارل مارکس-فریدریك ئەنگلس، ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، وەرگێڕانی: سەلام مارف، چاپی یەکەم، 2001.

7-تیری ئیگڵتۆن، بۆچی مارکس لە سەر حەق بووە؟، وەرگێڕانی: پێشڕەو محەمەد، دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و بڵاوکردنەوە، 2015.

8- د. بۆتۆڵ، دامەزرێنەران و سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: فەرید شەریفی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2005.

9- ئەنتۆنی گیدینز، تیۆری کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ و سەرمایەداری -خوێندنەوەیەك بۆ کارەکانی مارکس و دۆرکایم و ڤیبەر، وەرگێڕانی: ئارام شوانی، ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، 2016.

10-ئەریك فرۆم، چەمکی مرۆڤ لای مارکس، وەرگێڕانی: ئارام جەمال سابیر، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا، 2005.

### بە زمانی عەرەبی

11-كارل ماركس، حول المسألة اليهودية، ت: نائلة الصالحي، بدون سنة الطبع.

12-كارل ماركس، مخطوطات كارل ماركس لعام 1844، ت: محمد مستجير مصطفى، دار الثقافة الجديدة، 1974.

13-كارل ماركس – فريدريش انجلز، الأيديولوجية الألمانية، ت: د. فؤاد ايوب، الدار دمشق، عام 1976.

14-كارل ماركس-فريدريش انجلز، البيان الشيوعي، ترجمة وتقديم: محمود شريح، منشوراتالجمل، عام 2000

15-ماركس، رأس المال، دار التقدم، موسكو، ترجمة: دكتور فهد كم نقش، دار التقدم، الجزء الأول، 1985.

16-ماركس، رأس المال، دار التقدم، موسكو، ت: دكتور راشد البراوي، مكتبة النهضة المصرية، الجزء الثاني، 1947.

17-كارل ماركس، رأس المال – نقد الأقتصاد السياسي، اعده للنشر: فريدريك انجلز، ت: فالح عبدالجبار، دار الفارابي، ط 1، 2013.

18-د. عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسة، مجموعة من المشاركين، الجزء الخامس، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط 4، 1999.

19-جيرار بن سوسان و جورج لابيكا، معجم سلماركسيه سلنقدى، ترجمة: جماعية، دار الفارابى-بيروت ودار محمد على للنشر-تونس، ط1، 2003.

20-الاستاذ الدكتور احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ط 1، 1999.

21-الدكتور خضر زكريا، دار الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا-دمشق، ط 1، 1998.

22-د. عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسة، مجموعة من المشاركين، الجزء الخامس، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط 4، 1999.

23-الأستاذ الدكتور: علي ليلة والأستاذ الدكتور محمد الجوهري والأساتذة الدكتورة علياء شكري، التغير الاجتماعي والثقافي، دار المسيرة، عمان، ط 1، 2010.

24-الاستاذ الدكتور احسان محمد الحسن، النظريات الاجتماعية المتقدمة، دار وائل للنشر، عمان، ط 1، 2005.

25-كارل ماركس، بؤس الفلسفة –رد على فلسفة البؤس لبرودون، ت: محمد مستجير مصطفى، بيروت، دار الفارابي، ط 3، 2007

26-كارل ماركس، بؤس الفلسفة- رد على فلسفة البؤس لبرودون، ت: حنا عبود، دار دمشق للطباعة والنشر، ط 1، 1972

27-ارنست فيشر، هكذا تكلم ماركس حقا، ت: محمد عيتاني، بيروت، دار العودة، ط 1، 1973.

28-بليخانوف، القضايا الأساسية في الاشتراكية، ت: حنا عبود، دار دمشق للطباعة والنشر، 1973.

29-الأستاذ الدكتور علي ليلة والأستاذ الدكتور محمد الجواهريو الأستاذة الدكتورة عاياء شكري، عمان، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، ط 1، 2010،

### بە زمانی ئینگلیزی

30-https: //ar. wikipedia. org/wiki

31-Karl Marx: from trier to Highgate. Yuille,Judith. Highgate Cemetery. 1991.

32-Marx,K. Selected writings in Sociology and Social Philosophy. Pelican Book, Middle sex, 1997,

33-Marx,K. and F. Engels. The Socialist Revolution, Moscow, Progress publishers, 1998.